# حەڵاڵ ئاشکرایە وحەرام ئاشکرایە

لە ئەبی عبد الله نوعمان کوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «حەڵاڵ ئاشکرایە وحەرام ئاشکرایە، لە نێوانیان هەندێک شتی گوماناوی هەن کە زۆر لە خەڵکی نایزانێت، ئەوەی خۆی لە گومانەکان بپارێزێت ئەوا دین وکەسایەتی سەلامەت بووە، وئەوەی بکەوێـتە ناو گومانەکان (شوبهەکان)؛ ئەوا تووشی حەرام بووە، وەکو شوانێک کە مەڕەکانی لە دەوری خاکێکی قەدەغەکراودا دەلەوەڕێنێت لەوەدایە کە مەڕەکان بچنە ناو خاکە قەدەغەکراوەکەوە، وهەموو پادشایەک سنووری خۆی هەیە، وسنوورەکانی خوای گەورە بریتیە لە حەرامکراوەکان، ولە لاشەدا پارچە گۆشتێک هەیە ئەگەر چاک بوو؛ ئەوا هەموو لاشە چاک دەبێت، وئەگەر خراپ بوو ؛ ئەوا هەموو لاشە خراپ دەبێت ،ئەویش بریتیە لە دڵ».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه البخاري ومسلم)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بنچینەیەکی گشتی ڕوونەکاتەوە لە شتەکاندا، کە لەشەریعەتدا بۆ سێ جۆر دابەش دەبن: حەڵاڵێکی ڕوون، وحەرامێکی ڕوون، وشتانێک کە گوماناوین وڕوون نین لە حوکمدا لەڕوانگەی حەڵاڵ وحەرامیەوە، وزۆرێک لە خەڵکی حوکمەکانیان نازانن. هەرکەسێک واز لە شتە گوماناویەکان بهێنێت ئەوا دینداریەکەی پارێزراو دەبێت بەهۆی دوورکەوتنەوە لە تووشبوون بە حەرام، وکەسایەتی -ناوبانگی- پارێزراو دەبێت لە قسەی خەڵکی چونکە ڕەخنەی لێدەگرن لەکاتی کردنی ئەم شتە گوماناویەدا. بۆیە ئەوەی دوور نەکەوێتەوە لە شتە گوماناویەکان ئەوا خۆی تووشی یەکێک لەم دوو شتە یان هەردوویان دەکات: یان ئەوەتا تووشی حەرام دەبێت، یان ئەوەتا خەڵکی ڕەخنەی لێدەگرن وتانەی لێدەدەن. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نمونەیەکی هێنایەوە بۆئەوەی حاڵی ئەو کەسە ڕوونبکاتەوە کە شتە گوماناویەکان دەکات وەکو شوانێک وایە کە مەڕەکانی لە دەوری خاکێکی سنورداردا بلەوەڕێنێت، نزیکە لەوەی مەڕو ماڵاتەکەی لەم لەوەڕگا سنورداره بخۆن ؛ بەهۆی نزیکبوونەوەیان لێی، بەهەمان شێوە ئەوەی شتێکی گوماناوی دەکات ؛ نزیک دەبێتەوە لە حەرام وڕەنگە تووشی ببێت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە لەلاشەدا پارچە گۆشتێک هەیە (ئەویش دڵە) ئەگەر چاک بێت ؛ ئەوا لاشەیش چاک دەبێت، وئەگەر خراپ بێت ؛ ئەوا لاشەیش خراپ دەبێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66515

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee